سەرۆك وەزیران و رافع عیساوی تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵاتیان کرد

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پێشوازی کرد لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشووتر رافع حەیاد ئەلعیساوی و وەزیری پێشووتری پلاندانان سەلمان عەلی ئەلجومەیلی ولە دیدارەکەدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵاتیان کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردۆتەوە:-لە میانەی دیدارەکەدا تاوتوێی بارودۆخی گشتی وڵات کرا و گفتوگۆیان لەسەر ژمارەیەک دەسیەی حکومی کرد، کە پشتیوانی لە ئابووری عێراق دەکات و جێختیان کردەوە لەسەر گرنگی پشتیوانی کردنی هێزە سیاسییەکان بە بەرنامە و پلانەکانی حکومەت بە ئامانجی باشترکردنی بارودۆخی ژیانی هاوڵاتیان، بە شێوەیەک کە بتە هێی بەدەستهێنانی سەقامگیری وڵات و ئاسایش و پەرەپێدانی بەردەوام لە هەموو پارێزگاکانی عێراق.